کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-10-2007 20:24 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کوردستان نێت سونبولی میدیای کوردی یە... ساسان دەروێش

هۆڵەندا

پێم وایە ئەوەی ویژدانی زیندووە، ڕۆڵی لە بەرچاوی (کوردستان نێت) و خاوەنەکەی بەڕیز کاک (عومەر فارس) فەراموش ناکات کە چۆن بوێرانە پێش هەموان هەستی بەو بۆشایی یە گەورەیە کرد و بە دەرامەتێکی کەم شەوی دەخستە سەر ڕۆژ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی یە لە میدیای کوردی دا.



لە ماوەی ڕابردووی کارکردنی ئەم پیرە ماڵپەڕە کوردی یە دا بە دوای خۆیدا دەرگای والا کرد بۆ زۆر کەس ولایەن و لە دایک بوون و چاو هەڵهێنانی هەندێ ماڵپەڕی تری کوردی، بەلام مەخابن لە بریتی دەست خۆشی لێ کردن وپێ زانینیان بۆ ئەو هەموو خزمەتەی و لێکدانی سەدان شەو ڕۆژی کارکردنیان لە پشتی کۆمپیوتەر، دواتر لە یەکێ لە وماڵپەرە کوردیانەوە بینیمان چۆن هێرش دەکرایە سەری وتانە و تەشەرەیان لە (کوردستان نێت) و بەڕێوەبەرەکەی ئەدا، گوایە (کوردستان نێت) پشتگیری لە گەندەڵی و لە دەستەڵاتی کوردی ئەکات، من نازانم ئەوخەڵکە چۆن لە ڕوویان ئەهات ئاوا بە ڕاشکاوانە ئەم هەموو بوختانە و درۆ و دەلەسانەیان بۆ ئەم پیرە ماڵپەڕەکوردی یە هەڵئەبەست، خەیاڵیان بە تاڵ و مایە پووچ بوون، نەیان زانی ناونیشانی (کوردستان نێت) بە هیچ کەس ولایەنێک ناشێوێنرێ، چونکە ڕۆڵی لە بەرچاوی بووە قۆناغێکی لە بەرچاوی مێژووی میدیای کوردی.

من لێرەدا گەر بەرگری لە هەڵسوڕێنەری (کوردستان نێت) بکەم بە شەرمی نازنم، چونکە ئەزانم کێ یە و چۆن ماندوو نە ناسانە بێ بەرامبەر لە سەرەتاوە دەستی داوەتە ئەم خزمەتە مەزنە، هەروەها جگە لەوەی خزمەتی بەرچاوی هەیە لە مێژووی ڕۆشنبیرێتی و میدیای کوردی دا کە چەندین ساڵە بە تەنها خزمەت ئەکات، نازانم ئەوانەی قورمیش کرابوون چیان لە (کوردستان نێت) ئەویست و چۆن لە ڕوویان ئەهات بە چەند دێڕێک ڕۆڵی لە بەرچاوی ئەم پیرە ماڵپەڕە کوردیە بشوێنن، کە نەک بەوان بەڵکو بە هیچ کەس ناشێوێ، چونکە ئەوەی (کوردستان نێت) کردویەتی بۆتە بەشێک لە مێژووی میدیای کوردی، مێژووش وەک ئەڵێن گەڕانەوەی بۆ نیە بەلام دووبارە بوونەوەی بۆ هەیە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پێم شەرم چی یە ووشەی جوان هەیە دەری بڕم بەرامبەر ئەو هەموو بەخششەی (کوردستان نێت) بە خوێنەری کوردی بەخشیوە، چونکە بەڕیزکاک (عومەرفارس) نە لێپرسراوە نە هێندە لە ڕووی مادديشەوە دەستەڵاتدارە تاکو ئێمە و مانان پیاداهەڵ بدەین ئەوەی هەیە ئەو خزمەتە گەورەیەی میدیای کوردی یەو ڕۆڵی لە بەرچاوانە.

هەروەه میانڕەوی بەرامبەر بە هەموان خۆ لەخۆی دا سەر بەخۆیەکە بۆ میدیا بێ ڕەنگ کردنی قەڵەمەکان وەک ئەوانەی لێرە و لەوێ قورمیش کراون بۆ مەبەستێکی تایبەت کە بە زەقی پێوەیان دیارە کتێب بۆچی ئەگرنەوە و بۆ چی ئەگرین!!!

ئەوە لە تۆدا بەدی ناکرێ تۆ ماڵی هەموانی بە تایبەتی قەڵەمە بوێر و نەتەوەیی و ئاشتی خوازەکان و دوور لەوانەی کە کینە تاسەر لێوانیان هاتووە، ئەوانەی چاویان بە ڕۆڵی لە بەرچاوی تۆدا نە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەهات، دڵنیابە هەرلەو بازنەیە دا ئەبن کە ساڵانێکە خۆیانی پێ ژیر ئەکەن، خەڵکی ساویلکەی پێ چەوا شە ئەکەن.

ئەی ئێستا خۆ خوێنەری کوردی ماڵپەڕە کوردیەکان بەرچاویان ڕوونە لە دوای بینین و تاوتۆێ کردنی بابەت و نوسراوەکانی ماڵپەڕە کوردیەکان وهەڵسوکەوتوسیاسەتی بەڕێوەبەرەکانی، ئەوە چەند ساڵێکە بە هەمیشەی هەموومان دەبیبینین لە (کوردستان نێت) چۆن داکۆکی لە کێشە و گرفتە چارەنووس سازەکانی نەتەوەی کورد و کوردستانی گەورە دەکرێ بە کردنەوەی سەدان گۆشەو دەرگای گفتوگۆ و کۆکردنەوەی دەنگی نووسەران ئاراستەکردنی بەشوێنی شیاوی.

ئەم جارەشیان وەک هەموو جارەکانی تر بینیمان (کوردستان نێت) و بەڕێوەبەرەکەی بەڕیز
کاک (عومەرفارس) چۆن داکۆکی کاربوو لە نووسەران و ڕۆژنامە ئەهلیەکان،

لە ڕۆژی (18 / 9 / 2007) پێشنیارێکی بە پەلەی ئاراستەی ڕێزدار کاک (نێچرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی کوردستان کرد، دەربارەی بڕینی مینحەی ڕۆژنامە ئازادەکان، لە ناوەڕۆکی نامەکەی دا باس لە مەترسیەکانی بڕین و کەم کردنەوەی میحنەی ڕۆژنامە ئەهلی وئازادەکان دەکات لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە و دەڵێ (بە مەش سەرەڕای دواخستنی ڕەوتی ڕۆشنبیری وقوت و بژێوی ڕۆژنامە نووسەکانیش دەبڕدرێت)،

پاشان داوا لە ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکات و پێیان دەڵێ:-

بەڕیزتان بە گەنجێکی شاری هەڵمەت و قوربانی دەزانین بۆیە داوا لە بەڕیزتان وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و پێشنیاری ئەوەت دەخەینە پێش بە پەلە بەم بڕیارەدا بچیتەوە و میحنەی ئەم ڕۆژنامانە چاک بکەیتەوە بگرە بۆشیان زیاد بکرێت و هاوکاتیش قەرەبوی ئەم کەم کردنەوە و بڕینەیان لەم چەند مانگەدا بۆ بکرێتەوە و لە کۆتای نامەکەیدا ی بەڕیز کاک (عومەرفارس) وەک بەرپرسی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کوردستان نێت دەفەرمووێ:-

(داواکارین هەموو ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی میللەتەکەمان پشتگیری لەم نامەیەمان بکەن و ڕاو بۆ چوونی خۆیان لە بەر ئەم ناحەقیە بەرامبەر ڕۆژنامە و گۆڤارە سەربەخۆ و ئەهلیەکان دەرببڕن) .

لەگەڵ ئەو داواکاریە و پێشنیارە بە پەلەی (کوردستان نێت) و نووسراوی چەند سەرنووسەرێکی ئەو ڕۆژنامانە و بڵاوبوونەوەیان لە (کوردستان نێت)، نەمان بینی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانە وە وەڵامێکی کورت بۆ (کوردستان نێت) و ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامە ئازادەکان بدرێتەوە، ئاخۆ ئەپرسین لە وحکومەتە گەورەیەی کە بوجەیەکی گەورە خەرج دەکرێ بۆ ئینتەرنێت وکۆمپیوتەرەکانی و فەرمانبەرەکانی، کەسێک لەوحکومەتە گەورەیە و نزیک لە سەرۆکی حکومەت ئەم نووسراوانەی نەبینیبێ و بە سەرۆکی حکومەتی نەگەیاندبێ بۆ وەڵام دانەوەیەکی کورتیش بێت، ئا لێرەوە لەگەڵ ڕێزمدا بێ هەڵوێستی هەندێک نووسەر و بابەت نووس دەردەکەوێ کە ڕۆژانە خۆیان سەرقاڵ کردوە بە شەڕە دەنووک و بەفیڕۆدانی کات و تێکدانی مەزاجی خوێنەر لە ماڵپەڕە کوردیەکان، بەڵام بۆ مەسەلەیەکی چارەنووس ساز و نەتەوەی هەموو بێ دەنگن، کوا نووسراوەکانتان و گوشار خستنە سەر حکومەتەکەتان بۆ وەڵامی دواکاریەکانتان و ڕوونکردنەوەیان، من لێرەوە دەڵێم بە تەنها حکومەتی کوردستان گەندەڵ نیە، ئێمەش گەندەڵین بۆیە هەموومان لە خەوێکی خۆشداین و دوژمنانی نەتەوەکەشمان لە پاڵ ئارامی و ئاسایشی باشووری کوردستان و برایەتی کورد و عەرەب و عیراقچێتی، هەزاران ڕێکەوتن نامەو ژێر بە ژێر مان لەگەڵ دەکەن هەتاکو ئەم ئازادیەی ئەمڕۆمان وەک فەرش لەبن پێ دەردەهێنن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
1-10-2007 20:24 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە کۆتایدا .... کوردستان نێت ی ئازیز ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم.... کوردستان نێت ی ئازیز... یا خوا بە دارەکەی قەراغ بیت هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتوبن، ئەو ماڵە سنگ فراوانە هەرگیز نەشێوێ، چەواشەکارانیش دەمێکە پووش بۆ هیلانەیەک ئەبەن خۆشیان نازانن چی تیا ئەچووقێ. کوردستان نێت... تۆی پیرە ماڵپەڕ.... ئەزانم دڵت فراوانە ئەگینا ئەو ڕۆژگارەی تاقانەی میدیای کوردی بووی، هەموان بینیمان چۆن دەرگات بۆ هەموان کراوە بوو، مەخابن ئەوانەی جاران هەواریان لای تۆ خستبوو ئەو ڕۆژانە لێت ببونە باوە ژن. لە بریتی ئەوەی هەڵوێستی جوامێرانەت بە لووتکەوە ڕاگرن بەخەیاڵی بە تاڵیان نیازی گەلەکۆمەکی یان بوو لێت. بەڵام دڵنیابە مێژووی خاوێن و بێ گەردت هێندە درەوشاوەیە پێم وانیە ئەو تاریکستانە زەفەرت پێ بەرێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.